# سەفەر

بەندی عەلی

2007

لەوەتەی هەم

تامی بادەی

بەڵێنە سەرخۆشەکان و

ماچی لێوە ژەهراویەکەی

قەدەر ئەکەم

لەوەتەی هەم

چاوم بەقەترانی ڕەشی

بەخت ئەڕێژم

هەرمنیشم ، قەرەج ئاسا

لەسەرەتاکانی کۆچەوە

سەفەر ئەکەم

لەوەتەی هەم

لەجێی خۆما

جێ پێی خەوە پەمەییەکان

هەڵئەگرم و

پێ بەدڕکی سەبرا ئەنێم

لەوەتەی هەم

ناگەمە جێ و

گوێم لەقاقای

پێکەنینە زەردەکانی

فرسەتە .. پێم

ئیتر ئەبێ

چاوەڕوانی چی بم لەتۆ

ئەی پردە کۆنەکەی ڕۆژگار
ئەم هەموو دڕک و جەخارە
بەسەر تۆیا پەڕینەوەو
لەگەڵیانا
کۆڕەوێکیش کۆتری زامدار
ئەو هەموو بارە تلیاکەی
مەرزەکانی سیاسەتیش
هەر لەتۆوە دزەیان کرد
لەگەڵیانا
جوجەڵەکانی غوربەتیش

تۆ هەر ڕەشە کاروانی خەم
ئاودیو ئەکەی
تۆ هەر دێوی زەبەلاحی
غوبارو تەم ئاودیو ئەکەی

بەڕێکەوتیش
چڵەنێرگزێکی ئومێد
نەگەیشتە ڕۆخی ئەمبەرت
خەوە ئەرخەوانیەکانیش
هەروان بەسەر
شوێنەوارە سڕاوەکەی
گۆڕستانە وون بووەکانی
ئەوبەرت

ئەی گێژاوە
بێ کۆتاییەکانی تەمەن
بۆ کوێم ئەبەن
لەم ژیان ئاپۆڕەیا
قوژبنێکی تیا نەماوە
بۆ تەنیایی
تەنیاییەک

کەهەر بۆنی
چرکە ڕوتوقوتەکانی
شەوی لێ بێ و
ئەو شەوانەی
بێ شەرم و سڵ
پەنجە گرژەکانم ئەگەن
بەتریفەی مانگەشەوی
دڵنیایی

وەبیرم دێ
لەڕۆژانی خۆکردنەوەی
چرۆکانی منالّیەوە
کلکی گۆچانەکەی پرسێ
لەسپێدەی بەیانەوە
هەنگە ماخۆلانەکانی
شانەی خەیاڵ ئەوروژێنێ و
ئێوارانیش .. خەو لەچاوی
پەڕەسوێلکە وەرزیەکانی
بن گوێسەبانەی ئۆقرەبوون
ئەتۆرێنێ

کەبووم بەهەرزە دەوەنیش
چەمەی قۆلی هەمان گۆچان
دەئالآیە لاسکە تەڕو ناسکەکانی
گەشەی روح و
گەلاّ چەورەکانی عەقلّی
هەلّئەوەران

لەهاوینی گەرمەسێری
عومریشەوە
کەبێستانە پرتەقالّی
هۆش پێگەیی و

بەرسیلەکانی ڕەزی ڕاز
بوون بەترێ
ئەو گۆچانە ماخۆلانە
هەر خنەی دێ و
هەر خنەی دێ

پرسێ لەخواو لەتەبیعەت
پرسێ لەباو
لەباڵندە کۆچەریەکان
کەئاسمانی زەمەن ئەبڕن
ئەگەر ڕێکەوت،
بەئێرەدا گەڕانەوە
تەنیا شتێکم پێ بڵێن
ئاخۆ ڕەنگی
چاوەکانی کامەرانی
ئەبێ چی بێ